# Civil nationalism in Jalal Maleksha's book "The Chain of Captive"Words

**Sirwan jaber amin[1], hemn zrar hamad[2]**
[1]Kurdish department, Faculty of Arts, Soran university, [2]Kurdish department, Faculty of Education, Soran university

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2471.05*
*Published: 21/07/2024*

## Abstract

In this study, civil nationalism is reflected as a prominent feature in Maleksha's poetry .Civil nationalism is one of the types of nationalism .It is based on the principles of citizenship, coexistence, common interests, and the will of human, wherever they want to live. Whatever language he speaks .It is important to be within a particular country. The poet's civilized attitude alongside national values can be seen in his poems. Although the poet lived in a country where many other nations live in. However, the nation has suffered many times because of them. But in many places in his book, the poet appears to be a civilized person and puts aside hatred. He makes his human and poetic feelings a coolness for his mind and shows us a beautiful example of humanity.

Nationalism is the least mentioned and rarely seen in Kurdish literature. But Maleksha has his fingerprints on the field. Maleksha may have been known as a country or ethnic poet from the readers. But Maleksha has not forgotten civilization. In this regard, he has shown his poetic power. Therefore, based on the French theory of "will to live together" the poet's poems are analyzed, the aim is to show the poet's nationalist feelings, whether the poet's feelings of civil nationalism are evident in his poems He is a well-known ethnic poet.

***Keywords:*** *Nationalism, Civil Nationalism, Jalal Maleshka, Co-existence, Citizenship*

# ناسیۆنالیزمی مەدەنی لە دیوانی "زڕەی زنجیری وشە دیلەکان"ی جەلال مەلەکشادا

**پ. د. سیروان جەبار ئەمین (زەند)**
زانکۆی سۆران
sirwan.amin@soran.edu.iq

**هێمن زرار حەمەد**
زانکۆی سۆران فاکەڵتی پەروەردە
hzh05h@kue.soran.edu.iq

**پوختە:**
لەم توێژینەوەیەدا ناسیۆنالیزمی مەدەنی وەک سیمایەکی دیار لە شیعری جەلال مەلەکشادا دیاریکراوە, ناسیۆنالیزمی مەدەنی یەکێکە لە جۆرەکانی ناسیۆنالیزم, کە لە سەر بنەمای هاوولاتیبوون, پێکەوەژیان, بەرژەوەندیی هاوبەش, ویست و ئیرادەی مرۆڤ لەو شوێنەی دەیەوێ تیایدا بژی بنیادنراوە, جا بە هەر زمانێک بدوێت, گرنگ لە چوارچێوەی ولاتێکی دیارکراو بێت. هەست و هەڵوێستی مەدەنیانەی شاعیر لە پاڵ بەها نەتەوەیی و نیشتمانییەکان لە شیعرەکانیدا دەبینرێن, ئەگەرچی چەندین جار نەتەوەکەی لە سەر دەستی نەتەوەکانی تر و لە سایەی ئەوانەوە تووشی ئازار و خوێنڕشتن بۆتەوە, بەڵام شاعیر لە زۆر شوێنی دیوانەکەی کەسێکی مەدەنیانە دەردەکەوێ و ڕق و قینە وەلادەنێ, هەستی مرۆڤانە و شاعیرانە دەکاتە فێنکاییەک بۆ دەروونی خۆی و نموونەیەکی جوانی مرۆڤدۆستیش پیشانی ئێمە دەدات.
ناسیۆنالیزمی مەدەنی, کەمترین باسی لێوە کراوە و بە کەمی دەبینرێ لە ناو ئەدەبی کوردیدا, ئەوەی کە هەیە زیاتر ناسیۆنالیزمی ئێتنیکییە, بەڵام دەتوانین بڵێین مەلەکشا لەمەیاندا جێپەنجەی دیارە, ڕەنگە وەک شاعیرێکی نیشتمانی یاخود ئێتنیکی لە لای خوێنەران ناسرا بێ, بەڵام کە شیعرەکانی دەخوێنینەوە و لێیان وردەبینەوە, مەلەکشا مەدەنیەت و شارستانیەتی

لەناو شیعرەکانیدا فەرامۆشنەکردووە. بۆیە بە پشتبەستن بە تیۆری فەڕەنسی "ویست و ئیرادەی ژیانی هاوبەش" شیعرەکانی شاعیر شیدەکرێنەوە, ئامانجیش لێی دەرخستنی هەستی ناسیۆنالیستانەی شاعیرە, ئاخۆ تا چەندە شاعیر هەستی ناسیۆنالیزمی مەدەنی لە شیعرەکانیدا دیارە, هەروەها دەرخستنی جۆرێک لە هزری شاعیرە, چونکە زیاتر لە لای خوێنەران وەک شاعیرێکی ئێتنیکی ناسراوە.

**وشە کلیلییەکان:**

ناسیۆنالیزم, ناسیۆنالیزمی مەدەنی, جەلال مەلەکشا, پێکەوەژیان, هاوولاتیبوون

# ناسیۆنالیزمی مەدەنی لە دیوانی "زرەی زنجیری وشە دیلەکان"ی جەلال مەلەکشادا

## پێشەکی

ناسیۆنالیزم وەک بابەتێکی دیاری سەردەم زۆر قسە و باسی لەسەر کراوە, بەڵام ئەوەی زۆر دەبینرێ بە تایبەت لە بواری ئەدەبیدا زیاتر ناسیۆنالیزمی ئێتنیکییە, ناسیۆنالیزمی مەدەنی و جۆرەکانی تری ناسیۆنالیزم زۆر بە کەمی باسیان لێوەکراوە. لەم توێژینەوەیدا ئێمە ناسیۆنالیزمی مەدەنیمان هەڵبژاردووە, بە پشتبەستن بە تیۆری فەرەنسیی "ویست و ئیرادەی هاوبەش" کە **ئێرنس ڕینان** فەیلەسووفی فەرەنسی دامەزرێنەریەتی. لەم توێژینەوەیدا هەوڵدراوە بەپێی بڕگەکانی ئەم تیۆرە شیعرەکانی مەلەکشا شیبکرێنەوە و ڕوونبکرێنەوە, بەرژەوەندیی ژیان و ویست و ئیرادە بنەمای هەرە دیاری ناسیۆنالیزمی مەدەنین, مەلەکشاش وەک شاعیرێک ئەم ویستەی هەیە, لە زۆر شوێن وەک مرۆڤێک دەیەوێ بژی لەگەڵ هەر نەتەوەک بێ, بەڵام ژیانێکی ئاسوودە و دوور لە کێشە, لە پاڵ ئەوەشدا مەلەکشا تەنیا لەسەر نەتەوەی خۆی نایەتە جواب, تەنیا و تەنیا کار بۆ نەتەوەکەی خۆی ناکات, بەڵکو کار بۆ نیشتمانێک و وڵاتێک دەکات, کە هەر کەس ویستی ژیانی تێدا هەبێ دەیەوێ تێیدا بژی ڕێگەپێدراوە, بەڵام بەو مەرجەی بهێڵن بژیین و دەسەڵاتێک بێ ئینسانیەت و یاسای ئەوین بکات بە پەیڕەوی یاسای وڵات, نەوەک یاسای داڵ و دڕندە بکەن بە یاسای باوی وڵات.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەت**: ناسیۆنالیزمی مەدەنی لە شیعری شاعیردا نموونەی هەیە, کەچی ئاماژەی بۆنەکراوە و باسی لێوە نەکراوە, ئەگەرچی شیعرەکانی بە ناسیۆنالیزمی ئێتنیکی ناسراون, لەو چوارچێوەیە بڵاودەکرێنەوە و هەر بەو چاوەشەوە سەیرکراون, بەڵام ئێمە کار لە سەر لایەنێکی تری شیعرەکانی دەکەین, کە ناسیۆنالیزمی مەدەنییە, چونکە خەڵک زیاتر شیعرەکانی بە ئاراستەی ناسیۆنالیزمی ئێتنیکی ناسیوە, بەڵام ئێمە دەمانەوێ جۆرێکی تری

ناسینی شاعیر پیشانبدەین و لایەنێکی تری جیاواز لە شیعرەکانی بەر دیدە بدەین, کە هەستی مەدەنیانەی شاعیرە, هۆکارێکە بۆ ئەوەی توێژینەوەی لە بارەوە بکەین.

**میتۆدی توێژینەوە:** میتۆدی توێژینەوەکە (وەسفی ـ شیکاری)یە.

**سنووری توێژینەوە:** سنووری توێژینەوە تایبەتە بە شیعرە کوردییەکانی جەلال مەلەکشا لە دیوانی "زرەی زنجیری وشە دیلەکان".

**پەیکەری توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە بە سەر دوو تەوەرە دابەشکراوە؛ تەوەرەی یەکەم تیۆرییە و بەسەر سێ خاڵ دابەشکراوە؛ لە خاڵی یەکەمدا، باسی زاراوە و چەمک و پێناسەی ناسیۆنالیزم کراوە. لە خاڵی دووەمدا، باسی جۆرەکانی ناسیۆنالیزم کراوە. لە خاڵی سێیەمیشدا، باسی ناسیۆنالیزمی مەدەنی و تیۆری فەرەنسی کراوە. تەوەرەی دووەمیش پراکتیکییە تایبەتە بە شیکردنەوەی بنەماکانی ناسیۆنالیزمی مەدەنی لە شیعرەکانی جەلال مەلەکشادا لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری فەرەنسی. لە کۆتاییشدا ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

## 1/ تەوەرەی یەکەم

### 1/1 زاراوە و چەمک و پێناسەی ناسیۆنالیزم

زاراوەی ناسیۆنالیزم بە چەندین شێوە بەکارهاتووە, کات و شوێن و نەتەوە جیاوازەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەرییەکی زۆریان هەبووە لە سەر بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە, هەر لە سەردەمی پەیدابوونیەوە (تاکو ئێستا بەپێی کات و سەردەمە جیاوازەکان چەمک و واتای فرەنسی کە لە Nationalite ئینگلیزی یان Nationalismجیاوازیشی هەبووە, چەمکی نەتەوە وەرگیراوە) (سەعید 2009، 30) زۆرترین بەکارهێنانیان هەبووە لەNatureوشەی سەر ئاستی توێژینەوە و وتار و نووسینە جیاوازەکان, زۆربەی نەتەوەکانی جیهان زاراوەی تایبەت بەخۆیان هەیە, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە نووسینەکانیان ئەم دوو زاراوەی سەرەوە بە وابەستەی بە زادگا و شوێنی ژیانە, وشەی Nation شێوەیەکی بڵاو بەکاردێنن, (هەروەها

سروشت لە وتاری ناسیۆنالیستی Nature زادگا و Natalهاوشێوەی لە زمانی ئینگلیزیدا بە بەکارهاتووە) (عەبدوڵلا 2009، 18)

دکتۆر **جەمال نەبەز** لەبارەی ئەم زاراوەیە و چۆنیەتیی بەکارهێنانی لای کورد پێیوایە کورد ئەم زاراوەیە بە چەند شێوەیەک بەکاریدەهێنێت. وەکو: (نەتەوایەتی, نەتەوەیی, بیری نەتەوەیی, میللەت پەروەری, کوردایەتی...) بە واتای خۆشەویستیی گەل و نیشتیمان دێن نەتەوە Nation(عەبدوڵلا 2009، 29) هەروەها لە فەرهەنگی نوێی ئینگلیزیدا دەڵێ: (وشەی بۆ مانای (یەکێتیی سیاسی و سەربەخۆیی) بەکارهاتووە, پێش سەردەمی مۆدێرنێتە دەوڵەت و بە واتای ناوچە یان ڕەسەن یان شوێنی لەدایکبوون Nacion یان Nationنەتەوە بەکارهاتووە, نەک چەمکی سیاسی و سەربەخۆیی بۆ دەوڵەتی نەتەوە) (میهرداد 2006، 271).

ناسیۆنالیزم هەر لەکاتی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی تاکو ئێستا, چەندین پێناسەی جیاجیای بۆ کراوە, چونکە ناسیۆنالیزم تیۆرێکی دیارکراو و تیۆرسینێکی دیاریکراوی تایبەتی نییە, بەڵکو چەند تیۆر هەن و چەندین کەس پێناسەیان کردووە, تاکو ئێستا نەگەیشتوونەتە پێناسەیەکی دیاریکراوی گشتگیر, بەڵکو زۆرێک لە پێناسەکان دژ یەک و پاڕادۆکسن, ئێمەش لێرەدا هەوڵدەدەین چەند پێناسەیەکی بناسیۆنالیزم خەینەڕوو. (**ستانلی بن**) پێیوایە دەتوانین بە پێنج مانای جیاواز ناسیۆنالیزم پێناسە بکەین:

1. جۆرێک هەستی وەفاداری بۆ نەتەوەیەکی تایبەت (واتە جۆرێک لە نیشتیمانپەروەری).
2. لە بارەی ڕێبازی سیاسەتێکەوە, مەیل بۆ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی خۆ, بە تەنیایی, بە تایبەت کاتێک پێی ململانێ لەگەڵ بەرژەوەندیی نەتەوەکانی دیدا لە ئارادابێت.
3. گرنگیدانی سەرەکی بە خەسڵەتە تایبەتییەکانی هەر نەتەوەیەک.
4. قسەکردن لە پێویستیی پاراستنی کلتووری نەتەوەیی.
5. بڕوابوون بەو تیۆرە لە سیاسەت و مرۆڤناسیدا, کە ڕەگەزی مرۆڤ بە شێوەیەکی سروشتی دابەشبووە بۆ چەند نەتەوەیەک (بن 2017، 5)

ناسیۆنالیزم خۆی چەمکێکی بێلایەنە, هەروەک نۆیڤیند ئۆستێرود دەڵێ: ڕەنگێکی سیاسی دیاریکراو نییە, ئەو ڕەنگی خۆی لە دەوروبەرەکەی وەردەگرێت. مەرج و حاڵەتی مێژوویی, جیۆگرافیی سیاسی, دەوڵەتی و کلتوورییەکان فۆرمی تایبەت بە ناسیۆنالیزم دەدەن (سابیر 2011، 13). بەو پێیە بێت، ناسیۆنالیزم تەنها بیرێکی سیاسی و هەستێکی نەتەوەیی نییە, بەڵکو مێژوو و جوگرافیا و کلتوور... هەموو ئەمانە شێوەیەک ناسیۆنالیزم دیاریدەکەن, (چەمکی نەتەوە و ناسیۆنالیزم بە واتای وەفاداریی یەکجار زۆری مرۆڤ بە نەتەوەی خۆی) (گەنتەر 2019، 72), کەواتە ناسیۆنالیزم هەستی خۆشەویستیی مرۆڤە لە بەرانبەر میللەت, بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین مەبەست تەنها نەتەوەی خۆیەتی, ئەمەش هۆکارێکە, کە بڵێین ئەم پێناسەیە زیاتر ڕەهەندێکی ئێتنی هەیە. بەهەمان شێوە "فەرهەنگی نوێ" لەبارەی ناسیۆنالیزم دەڵێ: بیروباوەڕی نەتەوەییانەیە, نەتەوەپەرستی, ڕێزگرتنی نەتەوەیەک بەسەر نەتەوەکانی تردا, وەفاداریی تەواو بەرانبەر بە نەتەوەی خۆی, ڕێزگرتنی نەریت و یاسا نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی خۆی بەسەر نەتەوەکانی تردا. (روزبە 2005، 192)

بە باوەڕی **ئێرنست گێلنەر** ناسیۆنالیزم بریتییە لە (پرەنسیپێکی سیاسی گریمانی ئەوە ئەکات کە دەبێت یەکیەتیی سیاسی و یەکیەتیی سەرزەمینی نەتەوەیی هاوشانی یەکدی بن) (قانیع 2005، 44), لێرەدا گێلنەر پێچەوانەی لێکۆڵەرەوەکانی ترە، پێیوایە دەبێت ئەم گریمانانەی سەروە هەبن, بۆ ئەوەی بەیەکەوە کیانێکی سیاسی دروستبکەن و بتوانن ئیدارەیەکی سیاسیی یەکگرتوو فەراهەمبکەن, بەم شێوەیەش نەتەوە دروست دەبێ, بەڵام (**عەباس وەلی**) ناسیۆنالیزم بە ئایدۆلۆژیا و دیسکۆرس و دەستکەوتە سەرەکییەکانی مۆدێرنێتە دادەنێ و دەڵێت: (ناسیۆنالیزم یەکێ لە دەستکەوتە سەرەکییەکانی مۆدێرنیتەیە, لەگەڵ مۆدێرنیتە دێت و هەروەها یەکێک لە ئایدۆلۆژیا یان دیسکۆرسە سەرەکییەکانی مۆدێرنیتەیە). (وەلی 2005، 108) لە هەمان باردا **ئەنتونی دی سمیث** کە تیۆریستێکی دیاری ئەو بوارەیە و هەرچەندە ناسیۆنالیزم دەباتەوە پێش مۆدێرنێتە, بەڵام بە ئایدۆلۆژیای دادەنێ, دەڵێ: (ناسیۆنالیزم بزوتنەوەیەکی کلتووری و ئایدۆلۆژییە, هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی و

هێشتنەوەی یەکێتیی نەتەوەیی و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی دەدات). (عەبدوڵڵا 2009، 28) لە ئینسکلۆپیدیای بەریتانیادا ناسیۆنالیزم بە بزاڤێکی مۆدێرن و خۆشەویستی دەوڵەت و نەتەوە دادەنێ, دەڵێ: (ناسیۆنالیزم بە واتای ئەوەدێت هەر تاکێک پێویستە دڵسۆزی بۆ دەوڵەت و نەتەوەی خۆی بنوێنێ, ناسیۆنالیزم بزاڤێکی مۆدێرنە). (عەبدوڵڵا 2009، 27)

## 2/1 جۆرەکانی ناسیۆنالیزم:

ناسیۆنالیزم هەروەک چۆن پێناسەی جۆراوجۆری هەیە و شێوەی دەرکەوتنی لە شوێنەکان جیاوازە, بە هەمان شێوە چەند جۆرێکی جیاوازیشی هەیە, سەردەمە جیاوازەکان و شوێنە جیاوازەکان دەستیان هەبووە لە دابەشکردنی جۆرەکانی ناسیۆنالیزم, بۆ نموونە ڕۆرژئاوا و ڕۆژهەڵات دابەشبوونی جیاوازیان هەیە, ڕۆژهەڵاتییەکان هەوڵیانداوە لەگەڵ بارودۆخەکەی خۆیان بیگونجێنن, هەروەها تیۆرە جیاوازەکان بە هەمان شیوە جێدەستیان هەیە لە دیاریکردنی جۆرەکانی ناسیۆنالیزم.

سەید ئایەتوڵڵا میرزایی, نووسەری ئێرانی لە نووسینێکیدا بە ناونیشانی (ناسیۆنالیزم و نەتەوەگەرایی لە ئێراندا), چوار جۆری ناسیۆنالیزم دیاریدەکات, ئەوانیش:

1. ناسیۆنالزمی مەدەنی 2. ناسیۆنالیزمی ئێتنیکی 3. ناسیۆنالیزمی ئاینی 4. ناسیۆنالیزمی دەوڵەت (شوێنەوار). (میرزایی 1396، 32 ـ 48) سەلام ناوخۆش, کە نووسەرێکی کوردە, لە کتێبی ناسیۆنالیزمی کوردی و زمانی کوردی, پێیوایە جگە لە ناسیۆنالیزمی مەدەنی زۆربەیان هەتا مافی هاوولاتیبوون بە نەتەوەکانی نێو قەڵەمڕەوی خۆیان بەڕەوا نابینن, بە نموونە کورد کە لەسەر دەستی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و تورکی و فارسی تووشی گەورەترین هەڕەشەی لەناوبردن بووەتەوە, چونکە هیچیان ناسیۆنالیزمێکی مەدەنییان نییە, بەڵکو زیاتری پشت دەبەستن بە ناسیۆنالیزمی نەژادی، قەومی و ئاینی. (س. ناوخۆش 2016، 83) ئیسماعیل عەبدولرەحمان سەعیدیش, چوار جۆری ناسیۆنالیزم دیاریدەکات:

1. ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی 2. ناسیۆنالیزمی جیاوازیخوازی 3. ناسیۆنالیزمی قەومی 4. ناسیۆنالیزمی مەدەنی (سەعید 2009، 37.35)

د. ڕەفیق سابیر, لە کتێبی کولتوور و ناسیۆنالیزم دوو جۆری ناسیۆنالیزم دیاریدەکات, پێیوایە مێژووی ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەوروپادا دوو مۆدێل یان دوو ئەزموونی سەرەکی لێ کەوتوونەتەوە:

یەکەم: ناسۆنالیزمی دەوڵەتی, کە بەپێی ئەم مۆدێلە ناسیۆنالیزم, وەک سیستەمێکی فیکری و بزاڤێکی سیاسی, نەتەوە لە کۆمەڵە گرووپێکی ئێتنیکی و کلتووریی جیاواز و لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون و یەکسانبوونیان لەبەردەم یاسادا دروستکرد, نموونە فەرەنسا.

دووەم: ناسیۆنالیزمی ئێتنۆکلتووری, کە نەتەوە لەسەر بنەمای یەکبوونی ئێتنیکی ـ کلتووری و پاشاخنی مێژوویی دروستکرا, بەبێ ئەوەی عەقلانیەت و بنەماکانی فەلسەفەی ڕۆشنگەری بکرێنە بنەمای دەوڵەت, نموونە ئەڵمانیا. (سابیر 2011، 23)

ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی باسی لێوەکرابێ و زۆرێک لە نووسەران بەکاریانهێنابێ, ئەو جۆرەیە, کە د. کێنت بۆب هوزێن ئاماژەی پێکردووە, بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین تاکو ئێستا جۆرێکی دیاریکراوی جێگیرمان نییە, بەڵکو ئەوە دەڵێین کە ئەو جۆرانەی بە شێوەیەکی گشتی بەکارهاتوون, بریتین لە:1. ناسیۆنالیزمی مەدەنی 2. ناسیۆنالیزمی ئێتنیکی 3. ناسیۆنالیزمی فراوانخوازی 4. ناسیۆنالیزمی کلتووری 5. ناسیۆنالیزمی جیهانی سێیەم 6. ناسیۆنالیزمی دەوڵەت 7. ناسیۆنالیزمی ئاینی 8. ناسیۆنالیزمی دیاسپۆرا (هەندەران). (Huzen 2019)

## 3/1 ناسیۆنالیزمی مەدەنی و تیۆری فەرەنسیی (ویست و ئیرادەی هاوبەش)

### 1/3/1 ناسیۆنالیزمی مەدەنی:

ناسیۆنالیزمی مەدەنی، یەکێکە لە جۆرەکانی ناسیۆنالیزم، لە کۆمەڵێکی مەدەنی یان تاکێکی مەدەنیخواز سەرهەڵدەدات، بۆ ئەمەش سەرەتا پێناسەیەکی کۆمەڵی مەدەنی دەکەین لە ڕوانگەی (هیگڵ)ەوە (کۆمەڵەی مەدەنی بەو پێودانگەی کۆی کۆمەڵێک پەیوەندیی سیاسی و ئابوورییە, کە پەیوەندیی تاکەکان ڕێکدەخات و هەرەوەزی و پشت بەستنیان بە یەکتری زامن

دەکات). (غەلیون 2003، 11) هیگڵ زیاتر مەبەستی گیانی هاوکارییە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا, بەڵام هاوکارییەکە لە شێوەی هەروەزی بێت, بە نموونە کاتێک کۆمەڵێک هەڵدەستن بە هەر ناوێک بۆ پشتگیریکردنی یەکتری و لەژێر ناوی چالاکیی مەدەنی و ئازادی و مافی ژن... یا هەر ناوێکی تر, بەڵام لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی سیاسی و ئابووریدا, بە کورتییەکەی (هەموو ئەو جووڵانەوە جەماوەرییانە دەگەیەنێت, کە بۆ ئامانجێکی سیاسی, ئابووری, ئاینی, ئێتنی, ژینگەپارێزی, ئاژەڵدۆستی دەکرێت, ئەو بزاڤانەی کە دەیانەوێت فشار بخەنە سەر بڕیاری سیاسیی وڵات و هەوڵی گۆڕینی سیاسەت یا بڕیارەکە دەدەن). (ئ. عەبدوڵڵا 2012)

ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە (پشت بە هاوبەشیەتی لە نیشتمان و دەسەڵاتی سیاسیی هاوبەش و ئیرادەی بەیەکەوەژیانی هاووڵاتییان لەگەڵ یەکتردا لە سایەی پەیمانێکی کۆمەڵایتیدا دەبەستێت). (ئ. عەلی 2009، 152) ئەوی جێگای بایەخە ناسیۆنالیزمی مەدەنی زیاتر هاوەبەشییە لە بەرژەوەندییەکانی ژیان, بۆیە ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە زیاتر پشت دەبەستێت بە تاک, بەڵام لە چوارچێوەی پەیمانێکی کۆمەڵایەتی, کە لە خزمەتی هاووڵاتیدا بێت.

ناسیۆنالیزمی مەدەنی بە دوو جۆر خۆی بەرجەستە کردووە, بەو مانای ناسیۆنالیزمی مەدەنی هەم وەک تاکە نەتەوەیەک هەم وەک چەند نەتەوەیەک لەناو وڵاتاندا هەیە, (ناسیۆنالیزمی مەدەنی ناسیۆنالیزمی فەردییە، دەشکرێ ببێتە دەستەجەمعی، بەریتانیا و ئەمریکا نموونەی دوو ناسیۆنالیزمی تاکگەران، هەروەها فەرەنساش نموونەی ناسیۆنالیزمی مەدەنی دەستەجەمعییە) (محەمەدەدەنی 2018، 61) لەم پێودانگەدا ئەرکێکی هەرە گرنگی د . ناسیۆنالیزمی مەدەنی بریتییە لە لابردنی دەسەڵاتی خێڵەکی و کلتووری، دانانی دەسەڵاتێکی گشتگیر و شارستانی، لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون و ناسنامەی هاووڵاتیبوون، بنیادنانی پێکهاتەی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی مەدەنی و بونیادنەرانە.

## 2/3/1 تیۆری فەرەنسیی (ویست و ئیرادەی هاوبەش)

ئەم تیۆرەی ناسیۆنالیزم بە پێچەوانەی تیۆری ئەڵمانییە، چونکە تاک بە ویستی خۆی بە نەتەوە پەیوەست دەبێ، لەسەر بنەمای ویست و ئارەزووی هاوبەش و بەیەکەوە ژیان دامەزراوە، نەوەکو ئەڵمانەکان لەسەر بنەمای نەژاد و زمان و مێژوو، ئەم تیۆرە پێیوایە نەتەوەبوون بە زمان نییە، بەڵکو پەیوەستە بە بوونی ویست و ئیرادەوە، نەتەوە لە گرووپێکی خاوەن زمانێکی هاوبەش پێکنایەت، بەڵکو نەتەوە خاوەن ویست و ئارەزووی ژیانێکی هاوبەشن. (ئ. عەلی 2009، 126) ویستی ژیان و مانەوە لەناو هەر نەتەوەیەک پەیوەست نییە بە زمانەوە, چونکە لە تیۆری ئەڵمانی مانەوە لە ناو نەتەوە پەیوەستە بە زمان, واتە دەبێ هەموویان یەک زمان بن, بەڵام تیۆری فەرەنسی کار لەسەر ئەم بنەمایە ناکات, بەڵکو مرۆڤ ئازادە لە هەڵبژاردنی زمان, نەتەوەیی بوون پەیوەستە نییە بە زمانێکی دیاریکراو, ئاساییە تۆ هەر زمانێک بیت, لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دیاریکراودا بژی, بەبێ ئەوەی کەس زۆریت لێبکات. بەو واتایەی، ئەم تیۆرە تەنیا لەسەر یەک بنچینە دامەزراوە, ئەویشیان ویست و ئیرادەی هاوبەش و بەرژەوەندیی تاک لەناو کۆمەڵێک دەبێتە ئەندامی ئەو نەتەوەیە.

ئەم تیۆرە دوای تیۆری ئەڵمانی دروست بوو, کاتێک فەرەنسییەکان زانییان تیۆری ئەڵمانی خزمەت بەوان ناکات, ناچار بیریان لە چارەسەرێک کردەوە بۆ ئەم بابەتە, (ئەم مۆدێلە لە دروستبوونی بەرهەمی شۆڕشی فەرەنسا (1789) و کۆماری فەرەنسییە، ئەم مۆدێلە لەسەر بنچینەی هاووڵاتیبوون دەمەزراوە، کە لە کۆمەڵە گرووپێکی ئێتنۆکلتووری پێکهاتووە، توانرا کۆمەڵە خەڵکێکی جیاواز سەر بە کلتووری جیاواز کۆبکرێنەوە لە چوارچێوەی سنووری فەرەنسا تیۆرێکی داهێنا بۆ بەرژەوەندیی خۆی و عید 2009، 27)دەوڵەتێکی ناوەندی). (سە هاووڵاتیبوون بوو بە پێوەری نەتەوە و لە سەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش و مافی هاووڵاتیبوون بنیادنرا (مۆدێلی ناسیۆنالیزمی فەرەنسی بە سەرەتای هاووڵاتی یەکسانەوە گرێدراوە. ڕێز لە تاکگەرایی دەگرێت و هاووڵاتیان تێیدا دەبنە ئەندامی نەتەوە. بە واتایەکی تر،

ئەندامێتیی نەتەوە زۆرلێکردن و ناچاری تێدا نییە، شتێک نییە لە دەرەوەی ویستی تاکەکانەوە).
(ئ. عەلی 2009، 127)

(تیۆری فەرەنسی شانبەشانی تیۆری ئەڵمانی لە بەناوبانگترین ئەو تیۆریانەیە کە مەسەلەی نەتەوەی ڕاڤەکردووە، باردۆخی فەرەنسییەکان تەواو لە بارودۆخی ئەڵمانییەکان جیاوازبوو. ئەو کاتەی فەرەنسا خاوەن یەکێتییەکی سیاسی بوو، ئەڵمانیا بەسەر چەندین هەرێم و کانتۆنی تەواو سەربەخۆ لە یەکتری دابەشببوو). (د. عەلی 2013، 77) لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە نەتەوە وەک نەژاد سەیرناکرێ, بەڵکو نەتەوە وەک کۆمەڵێک هاووڵاتی سەیردەکرێ, کە لە چوارچێوەی سنوورێکدا کۆبوونەتەوە و بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیە, "بە پێی ئەم تیۆرە دەشێت دەوڵەت لە کۆمەڵ و گرووپی مرۆیی جیاواز لە یەکتری لە ڕووی ئیتنۆ کلتووری و لەسەر بنچینەی هاووڵاتیبوون دابمەزرێت، وەک چۆن خودی دەوڵەتی فەرەنسی بەرهەمی ئەم مۆدێلەیە، لە ڕێگەی دەسەڵاتی ناوەندەیی دەوڵەتەوە توانرا گرووپە مرۆییە جیاوازەکانی سەر بە کلتووری جیاواز لە چوارچێوەی سنووری یەک دەوڵەتدا یەکبخرێن". (سابیر 1998، 71)

### 3/3/1 ئیرنست رینان: دیارترین تیۆرداڕێژی ئەم تیۆرە:

ئیرنست رینان یەکێکە لە فەیلەسووفە فەرەنسییەکان، تیۆریستێکی دیاری تیۆری فەرەنسی (ویست و ئیرادەی ژیانی هاوبەش)ە، دژی تیۆری (زمان و نەتەوە)ی ئەڵمانی وەستایەوە، (پێیوایە مرۆڤەکان بەرهەمی ڕەگەز و زمان و ئاین نین و بەرهەمی ڕووبار و زنجیرە چیاکانیش نین، لای ئەو نەتەوە پرەنسیپێکی ڕۆحییە، یادەوەری و قوربانیدان و سەروەری و سۆز و ئازاریی هاوبەشیش بەتەنیا بەس نین بۆ دروستکردنی نەتەوە، بەڵکو پێویستی بە بوونی ویست و ئارەزووشە، کە دیارە ئەم ویستەش کلتووری هاوبەش و ویژدانێکی تایبەت بە خۆشی بە دوای خۆیدا دێنێت). (ئ. عەلی 2009، 126) رینان مرۆڤ پەیوەست ناکات بە

سنووریکی دیاریکراو، وەکو ئەڵمانەکان کە پێیانوابوو سنووری نەتەوە سنووری زمانە، بەڵکو ئەو پێیوایە نەتەوە پرەنسیپێکی رۆحییە و سەرپشکە لەوەی چی هەڵدەبژێرێت.

رینان لە رێگەی دەستەواژەی (هاریکاری) و (رۆحیەتی هاریکارخواز) باس لە نەتەوە دەکات، کە نەتەوە بریتییە لە رۆحییەتێکی دیاریکراو ویستی پێکەوەژیان، دەربڕی ئیرادەیەکی سیاسیی تایبەتن، کە بڕیاری پێکەوەبوون و پیکەوەژیانی داوە. (قانع 2004، 137) رینان توانی ژینگەیەکی فرەزمان و فرەرەنگ دروستبکات, لەگەڵ ئەوەشدا کلتوورێکی دروستکرد کلتووری بەرژەوەندیی هاوبەش و رۆحیەتی هاریکاری, (رینان یەکێک لەو بیرمەندانەی ئەو بیرۆکەیەی بە قووڵی تیۆریزەکردووە کە کلتووری هاوبەش بە پێشمەرجی بوونی نەتەوە دەزانێت، رۆحی نەتەوە بەو سیستەمە دەزانێت کە یاساکانی هەمان ئەو یاسایانەن کە کلتووری کۆمەڵگا کارییێدەکات, لە رێگەی پرۆسەیەکی نائاگایانەوە ئەو کۆمەڵگایە دەیانگوازێتەوە بۆ تاکەکانی) (مستەفا 2018، 282) هەروەها بەرای رێنان تاکەکەس خۆی خۆی بنیاددەنێ، دڵسۆزی خۆیەتی و قوربانی بۆ خۆی دەدات بۆ ئەو شتانەی کە دەیەوێ پێیانبگات, بەم جۆرە دەبینین بۆ دروستبوونی نەتەوە، رینان زۆرتر گرنگی دەدات بە ویست و ئیرادە و ئارەزووی هاوبەش عید و ئەوەندە قسە لەسەر ئابووری و زمان و ناسنامەی نەژاد و خزمایەتی ناکات. (سە 2009، 22)

## 2 تەوەرەی دووەم

### 1/2 ناسیۆنالیزمی مەدەنی لە شیعری جەلال مەلەکشادا

روانگەی ژیانی هاوبەش و لە سەر بنەمای هاوولاتیبوون و مرۆڤایەتی و گونجان لەناو هەر سنوورێک, ئەگەر سەیری دیوانەکەی جەلال مەلەکشا بکەین شیعرەکانی بەدوور نین لەم جۆرە نیگایانە، مەلەکشا کەم تا زۆر لە شیعرەکانی ئەم روانگانە دەبینرێن، مەلەکشا ئەگەر شاعیرێکی نیشتمانی و نەتەوەیی بێت لە روانگەی خەڵکی بەم شێوەیە ناوی رۆشتبێت، بەڵام بەدووریش نییە لە هەستی مەدەنیبوون و پێکەوەژیان، لە زۆر شوێن وەک مرۆڤێک دەئاخڤێ باس لە کێشەی خەڵکی دەکات بە گشتی، باس لە نەهامەتیی مرۆڤ دەکات و خۆشەویستیی خۆی نەک

هەر بۆ کورد، بەڵکە بۆ نەتەوەکانی تریش دەردەبڕێ و کێشەکانیان بە کێشەی خۆی و گشت مرۆڤایەتی دادەنێ، ئازادی دەکاتە بنەمایەکی ژیان بۆ مرۆڤایەتی، جوانی و گوڵ و خۆشەویستی وەک کەرستەیەکی ژیاندۆستی دادەنێت. شیوەن دەکات بۆ ئینسان و هەندێ کات زەوی بە دۆزەخ دادەنێ بۆ هەندێک ئینسان جا لە هەر کوێیەک بن و لە هەر نەتەوەیەک بن.

ناسیۆنالیزمی مەدەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی هەیە, کە جیایدەکاتەوە لە جۆرەکانی تری ناسیۆنالیزم, هەروەها بوونەتە بنەما بۆی, ئەوانیش بریتین لە "بەرژەوەندیی هاوبەش, هاوولاتیبوون, ئەوین و ئازادژیان, قبوڵکردنی کەسانی غەیرە زمان وەک ئەندامی نەتەوەکەت". ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا بە باشمان زانی شیعرەکانی شاعیر بەپێی ئەم بنەمایانە دابەشبکەین و شییانبکەینەوە.

**1. ویست و ئیرادەی ئەوین و ئازادی بۆ ژیان:** ئەم بنەمایە کار لە سەر ویستی تاک دەکات, چونکە هەر تاکێکی ناو کۆمەڵگا ئازادە لەوەی چۆن دەیەوێ بژی, وەک لە شیعری **(فەرمان)** دەردەکەوێت لەم شیعرەیدا شاعیر بانگەشەی ئازادی و ئەوین و جوانی دەکات، مەلەکشا وەک نووسەرێک و شاعیرێک سەر بۆ زۆرداران و داگیرکەران دانانوێنێ، کە داوای ئەوەی لێدەکەن دژ بە مرۆڤایەتی و یاسای سروشت و خودا بوەستێتەوە، ئەمیش نەک هەر بۆیان ناسەلمێنێ، بەڵکوو دژیان دەوەستێتەوە و بە پێچەوانەی ئەوان ڕەفتار دەکات، وەک مرۆڤێک و شاعیرێک و نووسەرێک ڕەفتار دەکات، دەڵێ:

**فەرمان**

ڕایەخێکیان بۆ ڕاخستم

قەڵەمێکی دەستەمۆیان دایە دەستم

وتیان: بنووسە شەوەزەنگ

لەم وڵاتە سروشتیە...

بۆنی گوڵ و تیشک و هەتاو دەمار ئەگرێ

ئەوەی بەرەو ئاسمان ئەفڕێ ئەشقیایە

عومری باڵندەی بەرزەفڕ

کورتە بەقەد تەمەنی گوڵ

لەهەرزوو ئەمرێ! (مەکشا 2018، 25)

دواتر بەردەوام دەبن لە فەرمانەکانیان, بەڵام بەر لەوەی فەرمانی بەسەردا بکەن, مامەڵەیەکی سەیری لەگەڵ دەکەن بۆ فریودان و ڕازیکردن, فەرشی بۆ ڕادەخەن کاغەز و قەڵەمی دەدەنێ, لەگەڵ ئەوەشدا فەرمانی سەیر و نابەجێ و ناسروشتی و نایاسایی بەسەردا دەکەن، دوای ئەوەی قەڵەمێکی دەستەمۆی دەدەنە دەست، دیارە پێشتریش کاری وای پێ کراوە و شاعیر و نووسەرانی پێ ناچارکراوە کە بە فەرمانی وا بنووسن، بۆیە قەڵەمەکە دەستەمۆ بووە، فەرمان دەدەن بنووسێ ئاسمان قەڵەمڕەوی یاسای داڵە، داڵیش یەکێکە لەو باڵندانەی توندڕەوە و هەمیشە خۆراک قۆرخدەکات, وەک هێمایەکی جەنگ و توندوتیژی لێکدراوەتەوە بە تایبەت لە ئەدەبدا و لەم شیعرەشدا شاعیر وای دەبینێت, ئەوین و خۆشەویستی وەک ئەوە وایە چیا یاخیبووبێ، بۆنی گوڵ و بینینی ڕۆژ خەونە و خولیایە و خەیاڵە، هەرچی باڵندە و پەلەوەرە ناتوانێ دەنگهەڵبڕێ, جار و بار دەتوانن بە سورتەسورت قام و حەیران بۆ داڵ بچڕن، ناتوانن بفڕن تەنیا هەر ئەوەندە تا بەر دەرکی قەفەز دەتوانن بفڕن، ئەمەی شاعیر دەیڵێ ڕوون و ئاشکرایە مەبەستی چییە، ئەمەی باسی دەکات بهکۆیلەکردن و سەرکوتکردنی مرۆڤە، دژ بە ژیان و بە ئازادی و بە جوانی. شاعیر چەند وشەیەک دێنێتەوە, کە پێناسەیە بۆ ئاماژەدان بە دەسەڵاتی زۆردار وەک شەوەزەنگ, داڵ, لە بەرانبەریشدا باڵندە, گوڵ, تیشک و هەتاو دێنێت, کە هێمان بۆ جوانی و ڕووناکی و وزە, بەو مانایەی ئەوانەی لە دەسەڵاتن وەک شەوەزەنگ و داڵن, خەڵکەکەشی وەک باڵندە بێتاوان و وەک گوڵ جوان و سەرنجڕاکێشن, وەکو هەتاویش تیشک دەهاوێن و بێهیوا نین, چونکە هەتاو سەرچاوەی وزەیە, ئەوانیش سەرچاوەی وزەن, تەنیا وزە بەخۆیان نادەن وزە دەدەن بە خەڵکی تریش.

وتیان: بنووسە ئاسمان

قەڵەمڕەوی یاسای داڵە

ئەوین، چیای یاخی بوونە

بۆنی گوڵ و بێنی ڕۆژ و پەرپەڕووچکەی ئاسمانی بەرز

خەونە، خولیایە، خەیاڵە!

وتیان: بنووسە یاسای داڵ

یاسای خوایە

چی باڵندە و پەلەوەرن بێ سام و سڵ

هەتا بنمیچی ئەو ڕکەی تێیدا دەژین

دەتوانن دەنگیان هەڵبڕن

ناوەبەناویش بە سرتەسرت

قام و حەیران بۆ داڵ بچڕن

ئەتوانن لە شەقەی باڵ دەن.

لەتا بەر دەرکی قەفەز بفڕن! (مە کشا 2018، 24)

شاعیر بەرپەرچیان دەداتەوە و بەرنگاریان دەبێتەوە، قەڵەمە دەستەمۆکە فڕێدەدات و لقی گوڵێکی شکاو و بە خوێنی بولبولێکی کوژراو دەنووسێ، قانوونی خودا پەیڕەودەکات نەوەک قانوونی دروستکراوی داڵ، کە بە هاوشێوەی قانوونی خودا دایاندەنا، نەوەک هاوشێوە بگرە بە قانوونی خودایان دادەنا، بەڵام شاعیر بەرهەڵستی دەکات و ئەم قانوونە پەیڕەوناکات و قانوونی سروشت و خودا جێبەجێدەکات، دەنووسێ ئاسمان قەڵمڕەوی داڵ نییە قەڵەمڕەوی باڵندەکانە، ئەوین یاخیبوون و دەرچوون نییە لە یاسا، ئەوین یاسای بێخەوشی دڵدارییە، بۆنی گوڵ و تەماشاکردنی ئاسمان و ئازادی خەون و خەیاڵ نییە، بەڵکو قانوونی خوای ئەویندارە.

لقی شکاوی گوڵێکم کردە قەڵەم

بە خوێناوی بولبولێکی کوژراو نووسیم:

نووسیم: ئاسمان قەڵمڕەوی باڵندەیە

نووسیم ئەوین یاسای بێ خەوشی دڵدارە

گوڵ و ئاسمان و ئازادی

لەقانوونی خوای ئەویندارە (مەکشا 2018، 24)

شاعیر دوو وشە دێنێ وەک یارییەک زەینی مرۆڤ بۆلای خۆیان ڕادەکێشن, ئەوانیش وشەی داڵ و باڵندەن, وەک لە پێشتریش وتمان داڵ هێمای خراپەکاری و دڕندەییە لەم شیعرەدا, کە لە توخمی باڵندەیە, بەڵام شاعیر لێرەدا داڵ جیادەکاتەوە لە باڵندەکانی تر ئەو وەک خراپەکار و ئەوانی تریش وەک بێدەسەڵات و چاکەکار نیشاندەدات, واتە شاعیر مەبەستیەتی بڵێ چۆن ئاسمان بەس تەنیا هی داڵ نییە و هەموو باڵدنەکان دەتوانن بە ئازادی لە ناویدا بفڕن و بسووڕینەوە, بەم شێوەیەش زەوی بەس تەنیا هی زۆردار یان داگیرکەر یان هی نەتەوەیەکی دیاریکراو نییە, بەڵکو وەک چۆن هەموو باڵندەکان دەتوانن لە ئاسمان بفڕن بە ئارەزووی خۆیان، بەو شێوەیەش هەموو مرۆڤێک دەتوانێن لە زەویدا بە ئازادی بژی و بە ئازادی بجوولێتەوە و شوێنی خۆی دیارییکات. مەلەکشا داڵ و باڵندە بە مرۆڤ دەچوێنێ, داڵ بە مرۆڤ یان نەتەوەی خراپەکار و دڕندە باڵندەش بە مرۆڤی بێدەسەڵات یا کۆمەڵە نەتەوەیەک. لە لایەکی تریش هەر یەک لە دەستەواژەی لقی گوڵێکی شکاو و خوێنی بولبولێکی کوژراو, کە نیشانەن بۆ تاوانکاری و ستەمکاری, چونکە هەم گوڵ و هەم بولبول نیشانەی جوانی و میهرەبانی و ئارامین بۆ مرۆڤ, کەچی دەستیان لێ نەپاراستوون و هەردووکیان بەر شاڵاوی دڕندەکان کەوتوون. شاعیریش دەیەوێ ئەم دیمەنە پیشانبدات و دڕەندەیی ئەوان پیشانبدات, لە بەرانبەریشدا کرداری مرۆڤانە دەنوێنێ و بە پێچەوانەی ئەوان ڕەفتار دەکات.

**2. هاووڵاتیبوون:** بەپێی ئەم بنەمایە هەموو تاکێکی ناو کۆمەڵگا دەبێت بە هاووڵاتی و لە ئەرک و مافدا یەکسانن, جا لەهەر نەتەوەیەک و بە هەر زمانێک بدوێن, دەبن بە ئەندامی ئەم نەتەوەیە, وەک هاووڵاتی سەیردەکرێن, لە شیعری (**بەخشش**) شاعیر هەموو کەسێک وەک هاووڵاتیی خۆی دەبینێ, دەتوانین بڵێین یەکێکە لەو شیعرانەی شاعیر تەواو مەدەنیانە و

مرۆڤدۆستانه دەردەکەوێ، دەیەوێ ببەخشێ نەک تەنیا بۆ خەڵکی خۆی و نەتەوەکەی، بەڵکو بانگ لە نەتەوەکانی تر دەکات، کە ئەگەر پێویستییان پێیەتی ئامادەیە بۆ هەر جۆرە بەخشینێک تەنانەت ئەگەر بە مەرگیش بێ, چ مرۆڤێک ئامادەیە ژیانی خۆی ببەخشێ چاوی خۆی ببەخشێ, خۆی بسوتێنێ تاکو دونیای ئەوانی تر ڕووناککاتەوە, دڵی خۆی پارچەپارچە بکات بۆ ئەوەی ئەوانیش وەک ئەو دڵیان ڕوونبێ. هەموو ئەمانە بەس تەنیا دەتوانین لە ناونیشانی شیعرەکەدا ببینین, چونکە بەخشین سیفەتێکە بە هەموو مرۆڤێک ناکرێ, تەنیا ئەو مرۆڤانەی دەست و دڵیان کراوەیە, ئامادەن ببەخشن, جا هەرچییەک بێ.

**بەخشش**

خەڵکی وڵاتی گریانم

کێڵگەی کامتان وشک و برینگە

هەردوو چاوم پێشکەش ئەکەم

وەک شەم لەناو شەوەزەنگا

دەسووتێم و دەتوێمەوە

شەوگاری کامتان زۆر ڕەشە

لەدڵی ڕوونم دابەش دەکەم (مەکشا 2018، 36)

مەلەکشا ئامادەیی خۆی دەردەبڕێ بۆ هەر جۆرە بەخشینێک، ئەمە ئەوپەڕی هەستی مرۆڤبوون و هەستی شاعرێکی مەدەنی و هاوکار و بەخشندە پیشاندەدات، بەڵگەش بۆئەوەی کە بڵێین هەر لەگەڵ نەتەوەی خۆی نییە، چونکە ناوی کورد ناهێنێ ناوی وڵاتێک ناهێنێ ناوی کەسێکی تایبەت ناهێنێ, بەڵکو مەبەستی گشت مرۆڤەکانە جا لە هەر نەتەوەیەک بن, نەک هەر تەنیا ئەوانەی لە وڵاتەکەیدا دەژین, بەڵکو ئەوانی تریش, کە سەیری سەرەتای شیعرەکە بکەین, کە دەڵێ: خەڵکی وڵاتی گریانم، شاعیر لێرەدا دەیەوێ مەبەستێکی ترش دەربڕێ، ئەویش ئەوەیە کە من خەڵکی وڵاتێکم هەمیشە لە جەنگ و ناخۆشیدایە و قەد خۆشی نەبینیوە، بۆیە ناوی دەنێم وڵاتی گریان. لە لایەکی تر، دەیەوێ پێیان بڵێ من هەرچەندە لەو ناخۆشەیەدام,

بەڵام ئامادەم بە گیانم یارمەتیتان بدەم وەک مرۆڤێک. ئێوەش هەڵوێست وەرگرن وەک مرۆڤێک هاوکارمانبن با ژیانی ئێمەش لە گریان کۆتایی بێ، وەک مرۆڤێک بتوانین ژیان بکەین و بە ئازادی بژین.

یەکێکی تر لەو شیعرانەی شاعیر کە تەواوی خەڵکی وڵاتەکەی بە هاووڵاتیی خۆی دەزانێ شیعری "**شەهید**"ە، شاعیر لەم شیعرەیدا باس لە وڵاتێکی ئاشتی دەکات. وڵاتێکی زامدار، کە لە رێی کۆتری سپی دەیەویست نامەیەک بۆ مێژوو ببات، بەڵام نەیارانی ئاشتی نایەنەوێ نامەکە بگات دێوجامەی بۆ ڕادەگرن و دەستڕێژی لێدەکەن خوێنی کۆتری سپی بەسەر دونیادا دەڕێژن، لەم شیعرەدا شاعیر کە دەڵێ: وڵاتێکی زامدار، دیارە لەم دەوروبەرانە جگە لە کوردستان هەموویان ژیانی ئاسایی خۆیان دەکەن، تەنیا کوردستان نەبێ، بەڵام شاعیر لەم ڕوانگەیەدا وەک مرۆڤێک سەیری بابەتەکە دەکات، نەوەک وەک نیشمانییەک و نەتەوەپەرستێک، باس لە وڵاتێک دەکات کە زامدارە و دەیەوێ ژیانی خۆی بۆ مێژوو بەیان بکات، هەر بۆیە بە کۆتری سپی کە ئەویشیان نیشانەی ئاشتییە نامەکەی پێ دەنێرێت، بەڵام ئەفسووس نایەڵن نامەکە بگات، شاعیر دوو مەبەست دەپێکێ؛ یەکێکیان وڵاتی خۆی بە وڵاتێکی ئاشتی و پێکەوەژیان دادەنێ ئەگەرچی زامداریشە، لە لایەکی تر وڵاتانی تری دەوروبەر بە ڕاوچی دەچوێنێ تەنانەت ڕاوی کۆتری سپیش دەکەن و دەیکوژن.

**شەهید**

کۆتری سپی،

نامەی ئاشتی،

وڵاتێکی زامداری بۆ مێژوو ئەبرد.

ڕاوچی هاتن

دێوجامەیان بۆ ڕاگرت و

دەستڕێژیان کرد.

لەپڕ زەوی زریکاندی

ئاسمان لەخەو ڕاچڵەکا

خوێنی کۆتر

دڵۆپ

دڵۆپ

لەبەسەر هەموو دنیا تکا! (مەکشا 2018، 48)

ئەمەی کە زۆر گرنگە و هەستی مەدەنیانەی شاعیر پیشاندەدات, ناوهێنانی وڵاتە نەوەک نەتەوە, لێرەدا شاعیر دەڵێ: کۆتری سپی, نامەی ئاشتی, وڵاتێکی زامداری بۆ مێژوو ئەبرد, شاعیر ناڵێ نەتەوەیەکی زامدار, لێرەدا مەبەستی گشت ئەو نەتەوانەن کە لەناو ئەو وڵاتەدا دەژین و هەمووان وەک هاووڵاتی ئەو وڵاتە دەبینێت, شاعیر دەیەوێ دیمەنێکی ئاشتیانە و هەڵسوکەوتێکی مرۆڤانە و شارستانییانە پیشانی گشت نەتەوەکان بدات, مەلەکشا خۆی کوردە, بەڵام زۆرجار لە سەر دەستی هەندێ لەو نەتەوانەی وەک تورک و عەرەب و فارس... تووشی داگیرکاری و نەهامەتی و کوشتن و کاولکاری هاتوون, لەگەڵ ئەوەشدا ناوی هیچێک لەمانە ناهێنێ, چونکە زۆرێک لە نەتەوەکان بوونەتە هاووڵاتی و هاوشاریی ئەو, بۆیە شاعیر نایەوێ وەڵامی خراپە بە خراپە بداتەوە, بەڵکو دەیەوێ مرۆڤبوونی خۆی بسەلمێنێ, کوردیش وەک نەتەوەیەکی ئاشتیخواز پیشانبدات.

**3. بەرژەوەندیی هاوبەش:** ئەم بنەمایە کار لەسەر بەرژەوەندیی تاک دەکات لەناو نەتەوەدا, هەروەها کار لە سەر بەرژەوەندیی تەواوی نەتەوەکەش دەکات, چونکە بە پێی ئەم بنەمایە بەرژەوەندیی تاک و نەتەوە یەکەن, وەک لە شیعری "**دوا ڕۆژانی سەدەی بیست**"دا دەردەکەوێت, لەم شیعرەدا شاعیر بیرمەندانە مەبەستەکەی دەردەبڕێ, مەلەکشا ئەوەندەی وەک بیرمەندێک دەبینرێ و هەستی پێدەکرێ لەم شیعرەدا وەک شاعیرێک نایبینین, ئەمشە بۆ ئەو بۆچوونانەی دەگەڕێتەوە, کە دەیانخاتەڕوو, هەروەها دەشتوانین بڵێین وەک شاعیرێکی بیرمەند هەڵسوکەوت دەکات, چونکە وەک بیرمەندێک دەیەوێ نەتەوەکەی ژیرانە هەڵسوکەوت

بکەن لەگەڵ ڕووداوەکان, پێشی وایە ئەمە سەدەی بیستە پێویست ناکات وەک سەدەکانی ڕابردوو بیربکەینەوە, چونکە ڕۆژگار گۆڕاوە, ڕۆژگاری هزر و زیرەکی و شارستانیەتە, دەبێت وردبین و دووربین بین, نابێت چیتر خەنجەر و تفەنگ و فەرهەنگێک بن بەسەر ژیانمان زاڵبن, نابێ چیتر تفەنگ ببێتە گۆچانی دەستمان و بە زمانی تفەنگ بدوێین, مەلەکشا دژ بەمە دەوەستێتەوە, وەک گلەییەک لە خۆی و نەتەوەکەی دەدوێ گلەیی لەو بیرکردنەوانە دەکات, کە کرچ و کاڵن, ئەندێشەمان تفەنگە, وەک کورد گوتەنی سەری زمان و بنی زمانمانی تفەنگە, چاومان تەنیا تفەنگ دەبینیێ و هەر تەنیا تفەنگ مەیەستمانە, بۆیە شاعیر وای دەبینێ کە بەرژەوەندیی هەر تاکێک و تەواوی کۆمەڵگەش لەوەدایە.

**دوا ڕۆژی سەدەی بیست**

ئێمە خێڵی چەواشەی نێو دڵی خۆمانین و
چاومان تا سەر کڵاوەی لووتمان هەتەر ناکا
هێشتا بیرکام کرچ و کاڵە
هێشتا خەنجەر
ئەنێشەمان سەر ئەبڕێت و
هێشتا تفەنگ,
فەرهەنگێکە تاڵ و تووڕە
بەسەر ژیانمان زاڵە!
تفەنگ نەبێ لاڵ و کوێرێن
لە هەوراز و لە نشێودا
تفەنگ گۆچانی دەستمانە!
بە زمانی تفەنگ دەدوێین
لە جاسووسەی تفەنگەوە
چاومان بۆ دنیا ئەڕوانێ

لەتەنیا تفەنگ, تفەنگ, تفەنگ مەبەستمانە! (مەکشا 2018، 270)

شاعیر دەیەوێ ئەو بیرۆکانە بگۆڕی و نەتەوەکەی وەک نەتەوەیەکی خوێنڕێژ لە چاوی دنیادا وێنانەکرێ, ببێت بە نەتەوەیەک فەرهەنگی شارستانەیەت و مەدەنیەت بنەخشێنێ, چیتر بیر و ئەندێشەمان تفەنگ نەبێ, ڕێگای تر هەیە بۆ ئەوەی بۆ دنیای بسەلمێنین, بە ڕێگای زیرەکیی مێشک و هەڵسوکەوت و زمانی سەردەمیانە زەخم و زووخی مێژینەمان بە گوێی جیهان دەربڕین, دەبێ لەم سەردەمەدا بە ئاگاییەوە هەنگاو بهاوێژین چاو لە دەورووبەرمان بکەین, بەم جۆرەش دەتوانین هەنگاوی شارستانیانە و شێوازی مەدەنیانە پیشانی جیهان بدەین, چیتر وەک شەڕکەرێک و خوێنڕێژ و تورکەکێوی و عەرەبەکێوی و جنۆکە وێنا نەکرێین. بۆ ئەمەش بە بەڵگەوە باس لەو ڕووداوانە دەکات, ئاخۆ لە سایەی ئەو جۆرە بیرکردنەوانە چیمان بەسەر هاتووە, بەم جۆرە ڕێگامان وندەکەین و ئامانجمان دەدزرێ.

لە بەرانبەر دوژمن مەردین

پۆلاین, بەردین!

سەرمان لە حاستی گەردووندا, دانانەوێ

هەمبەر, قەندیل و هەڵگوردین!

لە هەڵمەتا, شێرین, پەڵەنگین, نەبەردین!

لەبەلام ڕێگای باش ناناسین, زوو ئەخلەتێین! (مەکشا 2018، 272-271)

دوای ئەمە مەلەکشا هەر تەنیا ئەوە ناکات بێت گلەیی بکات و کەموکورتییەکان بلێ, بەڵکو لەگەڵ ئەوەش ڕێگاچارە دەستنیشان دەکات بۆ دەستهەڵگرتن لەم کارانە و هەنگاوەکان ڕووندەکاتەوە, هەر لەبەر ئەمەشە پێمانوایە کە مەلەکەشا شاعیرێکی بیرمەندی شارستانی و مەدەنییە. نووسینی ئەم شیعرە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1991 بۆیە دەکرێ ئەم بیرۆکەی لە ڕاپەڕینی باشوور وەرگرتبێ, کە چۆن خەڵک ڕاپەڕی و بەبێ تفەنگ توانی دەسەڵاتی داگیرکەر وەدەربنێ, بۆ مەلەکشا هەر ئەو شێوازە پەسەند دەکات, کە بەبێ تفەنگ و بە چاوی سەردەمیانە بڕوانین, چونکە ڕاپەڕینی باشووری کوردستان هەر نەبووە هۆی ڕزگاربوونی

کورد لەم هەرێمە بەڵکوو تورکمان و کلد و ئاشووریش ڕزگاریان بوو, بۆیە پێشنیازدەکات بە هێزی مێشک و ئەندێشە بارودۆخی ژین بگۆڕین, بڕوانین چ سەدەیەکە و گەلانی پیشکەوتووی جیهان چۆن هەڵسوکەوت دەکەن و بەچ ڕێگایەک مافەکانیان دەستێن و وەریدەگرنەوە.

تەماشاکەن

تەماشای دەورو بەرتان کەن

هەر قۆناخێ پێداویستی خۆی گەرەکە!

ئێستا, بیر و مێشک و ئەندێشە پێویستە

بە جێی تفەنگ

بە چاوی خۆمان بڕوانین

بە هێزی مێشک و ئەندێشە

بارودۆخی ژین بگۆڕین

تەماشاکەن

لەدوا ڕۆژانی سەدەی بیستە! (مەکشا 2018، 272)

ئەوەی لە هەمووشی گرنگترە وریاکردنەوەی نەتەوەکەیەتی لەو بارودۆخە و لەو سەردەمەی تیایدا دەژی, دەڵێ: تەماشاکەن, لێرەدا شاعیر دەیەوێ هەمووان بە چاوی خۆیان ببینن, بۆ ئەوەی بیربکەنەوە و ئەزموون وەرگرن, چونکە زۆر جار ڕەنگە بە شتێک یا بە ڕووداوێک باوەڕ نەکەین, بەڵام ئەگەر بە چاوی خۆمان بینیمان, پێویست بە شایەد و گێڕانەوە ناکات, بۆیە داوا دەکات تەماشاکەین, بەڵام تەماشای چی؟ تەماشای ئەوەی کە دواڕۆژانی سەدەی بیستە, بە دیاریکراوی کاتەکە دەستنیشان دەکان, کە کۆتاییەکانی سەدەی بیستە, شاعیر هەرتەنیا بە تەماشاکردن نا بەڵکو ئامانج یاخود خاڵی تەماشاکردنەکەش دەستنیشان دەکات, بۆ ئەوەی فکر و ئەندێشەمان بڵاونەبێ و نەچێ بەلایەکی تردا, ئەویشیان کۆتاییەکانی سەدەی بیستە, ئەو کاتە کاتی پێکەوەژیان و سەدەی دیموکراسی و یەکتر قبووڵکردنە, سەردەمی نەمانی جیاوازییەکانە, کە وەک لە پێشتردا هەبوو لە نێوان ڕەنگی مرۆڤەکان, زمان,

ئاین, نەتەوەکان, تەنانەت ڕەگەزی مرۆڤیش..., بەڵام ئەو سەردەمەی شاعیر باسیدەکات, کاتێکە مرۆڤ بەدوای بەرژەوەندییەکانی دەگەڕێ, ویستی ژیان کردوویەتی بە هاووڵاتیی شوێنێکی تر, هەموو ئەوانەی پێشتر کە ڕوویانداوە کردوونی بە یاسای بە ڕێوەبردنی ژیان, چیتر زمان, ڕەنگ, ئاین, ڕەگەز و شوێنی دیاریکراو بەربەست نین لە ژیانی ئاسایی مرۆڤ, بۆیە شاعیر بە مەبەست ئەم کاتە دەستنیشان دەکات, بۆ ئەوەی چیتر وەک نەتەوەیەک و شارچیەک و نەژادپەرستێک بیرنەکەینەوە, بەڵکو وەک هاووڵاتییەک و هاوشارییەک خۆمان ببینین جا لە هەر وڵاتێک بێت, ئەمەش دەبێتە بنەمایەکی دیاری ناسیۆنالیزمی مەدەنی و تیۆری فەرەنسی.

ڕەتکردنەوەی سنوور و نەهێشتنی سنوورەکان بە لایەک و لە لایەکی تر وەستانەوە دژی ئەوانەی ئاسمان و زەوی و دەریاکانیان دابەشکردووە، کە ئەمەشیان هەر سنوورە، مەلەکشا لە شیعری "**هێلانە**" زۆر بەتوندی دژی سنوور و دابەشکارییە، دژی ئەوانەشە کە ئەم کارەیان کردووە، چونکە پێیوایە مرۆڤ بەرژەوەندی لە هەر کوێیەک بێت دەتوانێت لەو شوێنە بژیێت, ئەوانە مافی ئەوەیان نییە بە ئارەزووی خۆیان زەوی و ئاسمان و دەریاکان دابەشبکەن، کەس مافی بەوان نەداوە، بەڵکو ئەوان لە خۆوە و بۆ بەرژەوەندیی کەسیی خۆیان ئەوەیان کردووە و خەڵکیان پشتگوێ خستووە، ئەوەش دەپرسێ ئاخۆ کێ ئیزنی بەوانە داوە بەر درەوشانەوەی هەتاو بگرن، بە ئارەزووی خۆیان سیمای ڕۆژ بە چڵکی هەناسەی خۆیان ڕەشبکەن، تیشک لە باڵندە دابڕ بکەن، کەوایە ئەمانە کەسانێکن دوورن لە مرۆڤایەتی و هەستی هاووڵاتیبوون و بەرژەوەندیی خەڵکی پشتگوێ دەخەن و خۆژیانە کاردەکەن، هەر لەبەر ئەوەیە شاعیر ڕادەگەیەنێ کە سنوورەکان ناناسێ، لە هەرکوێیەک ئارەزووی چوونی هەبێ لە هەر کوێیەک ئارەزووی مانەوە بکات لێی دەمێنێتەوە و چی پێی خۆشبێ دەیکات، تاکو ئەو ڕۆحە شەقاربووەی تۆزێک ئاهێکی بەبەر دابێتەوە، ئەوەش ڕادەگەیەنێ هەرچی یاسای دەستکردی خاوەندەکانی زەوییە پێشێلیان دەکات، چونکە ئەوان تەنیا بەرژەوەندیی خۆیان لەبەرچاودەگرن بەرژەوەندیی هاوبەش لەبەرچاوناگرن، خەڵک بە هاووڵاتی نازانن، بۆیە شاعیر خۆیان لێ بەریدەکات، دەیەوێ سنوورەکان نەمێنن، تاکو خەڵک ئازادانە بژی ویست و ئیرادەی

هەبێ بۆ ژیان، ویست و ئیرادەی هەر کوییەک بخوازێ لەوێ نیشتەجێ بێ، لەوێ وەک هاوولاتییەک لەگەڵ خەڵکیدا مامەڵە بکات. دەیەوێ بڕوا لە نێوەڕاستی دونیادا ڕاوەستێ و ئەو شوێنەی ناوی نیشتمانە بکات بە هێلانە، هێلانە زیاتر بۆ باڵندەکان بەکاردێ، باڵندەش ئازادە لەوی لە کوێ هێلانەکەی دروستدەکات سەربەستە لە هەڵبژاردنی شوێن، شاعیریش وەک باڵندە دەیەوێ ئازادانە هێلانەکەی هەڵبژێرێ، بەبێ ئەوەی لە ژێر هیچ فشارێک و هیچ دەسەلاتێکدا بێت، چونکە باڵندە سەربەستە لەوەی کەی دەفڕی و کەی دێتەوە ئازادە لە گواستنەوەشی ئەم ساڵ لێرەیە و ساڵێکی تر لە شوێنێکی تر، مەلەکشاش باڵندەئاسا دەیەوێ هێلانەکەی بە ئارەزووی ئەو بێت سنووری نەبێ لە هەر کوییەک پێی خۆشبێ بە تایبەت لە نیشتمان بتوانێ هێلانەکەی دروستبکات.

**هێلانە**

من سنوور ناناسم

کێ مافی داوە بەو جەردانە

ئاسمان و زەوین و دەریاکان دابەش بکەن؟

کێ بەر درەوشانەوەی هەتاوی گرتووە

کێ ئیزنی پێداون

تیشک لە باڵندە دابڕ کەن؟

سیما ڕۆژ بە چڵکی هەناسەی خۆ ڕەش کەن؟

من سنوور ناناسم

پێم خۆشە هەڵبفرم

لە گوانی کامە هەور زۆر تەڕە

پاراو کەم ئەم ڕۆحە شەقارەم

پێم خۆشە

یاسای دەستکردی چی خواوەندی زەوینە

پێشێل کەم

بڕۆم و لە نێوان دوو هێمتی دنیادا ڕاوەستم

بست بە بست سەرتاپای نیشتمان

لەبکەم بە هێلانەی ئەم جەستە ئاوارەم (مە کشا 2018، 218)

ئەو شیعرانەی کە ڕەهەندێکی ناسیۆنالیستی مەدەنیانەیان هەیە لە دیوانەکەی شاعیردا, لەم خشتەیەی دواتر دەیانخەینەڕوو, بۆ ئەوەی بەرچاوڕوونیمان زیاتر هەبێ, کە چەندە شاعیر لە دیوانەکەیدا هەستی ناسیۆنالیزمی مەدەنیی هەیە. لە لایەکی تر، سوودی دەبێت بۆ ئەوەی ڕێژەی ئەو شیعرانە بزانین, بە بەراورد بە جۆرەکانی تری ناسیۆنالیزم.

**ئەو شیعرانەی کە ڕەهەندێکی ناسیۆنالیزمی مەدەنیانەیان هەیە لە دیوانەکەی شاعیردا**

| ژ | ناونیشانی شیعر | ڕێکەوت | لاپەڕە | ژ | ناونیشانی شیعر | ڕێکەوت | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | چەپکێ تیشک | 1979 | 15 | 21 | ئەگەر هاتی | 2000 | 165 |
| 2 | فەرمان | 1988 | 23 | 22 | نامەیەکی تامەزرۆ | 2000 | 171 |
| 3 | بەخشش | نییە | 36 | 23 | نازانم چۆن زیندوو ماوم؟ | 1999 | 177 |
| 4 | پەلَەنگ و مانگ | 1987 | 44 | 24 | تورەیی | نییە | 202 |
| 5 | بۆسەی ئەوین | 1995 | 46 | 25 | پاتەختی خۆشەویستی | 1989 | 209 |
| 6 | شەهید | 1989 | 48 | 26 | تەنیای | 2008 | 214 |
| 7 | زیندانی | 1992 | 49 | 27 | هێلانە | نییە | 218 |
| 8 | تەنیایی | 1997 | 50 | 28 | زیندان | 1999 | 219 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 9 | پوورەی ئەوین | نییە | 53 | 29 | ئاویەر | 1986 | 244 |
| 10 | بریا | 1999 | 54 | 30 | دوا ڕۆژانی سەدەی بیست | 1991 | 270 |
| 11 | ئاخ باران | 1994 | 55 | | | | |
| 12 | قولەی قافی ئاوات | 1997 | 73 | | | | |
| 13 | تاراوگە | 1998 | 74 | | | | |
| 14 | مەرگەسات | نییە | 93 | | | | |
| 15 | تاوان | نییە | 97 | | | | |
| 16 | حەسرەت | 2000 | 111 | | | | |
| 17 | شیعری یاخی | 1981 | 114 | | | | |
| 18 | پرسیار | 1992 | 117 | | | | |
| 19 | چاو خلتێنە | 1991 | 138 | | | | |
| 20 | ڕەجمم بکەن تاوانبارم | نییە | 155 | | | | |

**ئەنجامەکان:**

1- جەلال مەلەکشا شاعیرێکی ناسیۆنالیستە, چونکە شیعرەکانی ڕەهەندێکی ناسیۆنالیزمیان هەیە, هەر چەندە لە شیعرەکانیدا زۆر پێداگیری دەکات لە سەر مافی نەتەوەکەی و نیشتمانی و وڵاتەکەی, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەستی ژیاندۆستی و ژیانی هاوبەش و بەرژەوەندیی هاوبەش و ویستی پێکەوە ژیان لەگەڵ نەتەوەکانی تر و ئیرادەی هاووڵاتیبوون سیمایەکی دیاری ناو شیعرەکانیەتی.

2- هەوڵدان بۆ ئاشتی و ئازادی و ڕزگاربوونی نەتەوەکان لەژێر دەستی زۆردار و داگیرکەر, لە لایەکی تر وشیارکردنەوەی هاووڵاتییان بۆ ئەوەی تفەنگ فڕێبدەن و بەرەو مەدەنیەت و چاکسازیی نەتەوەیی بچن, چیتر بە زمانی تفەنگ نەدوێن و تفەنگ لە بیر و مێشکیان فڕێبدەن, بە پێی سەردەم و پێشکەوتنی جیهان مامەڵە بکەن, بۆ ئەوەی مرۆڤ

نەکرێتە کەرستەی جەنگ و بە ئاشتی و ئاسوودەیی بژییێت لە هەر کوییەک کە بەرژەوەنیی ژیانی لێبێت.

3. ئەوین, دلّداری, جوانی, گولّ, یاسای ئەوین, هەموو ئەمانە چەند دەستەواژەیەکی دیاری ناو شیعرەکانی جەلال مەلەکشان, کە وەک هێمایەکی پێکەوەژیان و مرۆڤدۆستی لێکدراونەتەوە و ئاماژەن بۆ ولاّتێکی پڕ لە خۆشەویستی و یاسایەکی گشتگیر بۆ لەخۆگرتنی گشت نەتەوەکانی ولاّتەکەی تاکو بتوانن بە ئاسوودەیی و تەبایی و خۆشەویستی بەیەکەوە بژین. ئەمەش بنەمایەکە لە تیۆری فەرەنسی و ناسیۆنالیزمی مەدەنی.

4. هزری شاعیر بەپێی سەردەم و کاتە جیاوازەکان گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە, وەک لە خشتەکەدا دیارە, شاعیر هەر لە سەرتادا ژێرخانێکی فیکری مەدەنی هەبووە, وەک لە شیعری "چەپکێ تیشک" دەردەکەوێ, دواتر شیعرەکانی لە ڕووی هەستی ناسیۆنالیستی مەدەنیەوە کەمدەبێتەوە, تاوەکو ساڵی 1991 جارێکی تر ئەم هەستە بەهێزێکی فراوانتر لە شیعرەکانیدا دەردەکەوێتەوە, چونکە لە کۆی 30 شیعر کە ڕەهەندی ناسیۆنالیزمی مەدەنییان هەیە 7 شیعر دەکەونە پێش ساڵانی نەوەتەکان, 16 شیعری دەکەونە ساڵانی نەوەتەکان, ئەوانی تریش بێ ڕێکەوتن, ئەمە بەڵگەیە لەسەر گۆڕانی هزری شاعیر لە کۆتایی سەدەی بیست, بەڵگەش بۆ ئەمە شیعری "دوا ڕۆژانی سەدەی بیست"ە, کە لە ساڵی 1991 لە دوای ڕاپەڕینی باشووری کوردستان شیعرەکە نووسراوە.

**سەرچاوەکان:**

**بە زمانی کوردی**

**کتێب:**

- بن, ستانلی (2017), ناسیۆنالیزم چییە؟, و: ڕێبین هەردی, زنجیرەی دۆسیەکانی سەردەم 24, ناسیۆنالیزم ڕێبازێکی سیاسی بۆ بنیاتنانی ولاّت, چاپی یەکەم, چاپخانەی سەردەم, سلێمانی.

- روزبه, داریوش ئاشوری, د. بەهادین پازگاد (2005), فەرهەنگی نوێ, و: بورهان قانع, چاپی سێیەم, چاپخانەی قانع, سلێمانی.
- سابیر, د.ڕەفیق(2011), کولتوور و ناسیۆنالیزم, مەڵبەندی کوردۆلۆجی, هەرێمی کوردستان.
- عەلی, د.جەعفەر (2013), ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی, چاپی دووەم, چاپخانەی ڕۆژهەڵات, هەولێر.
- عەلی, ئەبوبەکر (2009), پرسی بیناکردنەوەی ناسیۆنالیزم و نەتەوە لە کوردستاندا, چاپی یەکەم, چاپخانەی ڕۆژهەڵات, هەولێر.
- قانیع, مەریوان وریا (2005), ناسیۆنالیزم و سەفەر کورد لە دیاسپۆرا,چاپخانەی ڕەنج, سلێمانی.
- کرمانج, شێرکۆ (2017), شوناسی عێراق ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبییەکان, چاپی یەکەم, چاپخانەی سەردەم, سلێمانی.
- گەنتەر, مایکیل (2019), ڕیشەکانی ناسیۆنالیزمی کورد, و: وریا ڕەحمان, زنجیرەی دۆسیەکانی سەردەم 57, ناسیۆنالیزمی کورد و ڕوانگەی ڕۆژئاوا, چاپخانەی سەردەم, سلێمانی.
- محمەد, سمکۆ (2018), ناسیۆنالیزم لە نێوان فکر و سیاسەتدا, چاپخانەی موکریانی, هەولێر.
- مەلەکشا, جەلال (2018), زرەی زنجیری وشە دیلەکان, چاپی دووەم, بڵاوگەی پانیز, سنە.
- مهرداد, ئەکرەمی (2006), ناسیۆنالیزم گۆڕانکاری - تیۆر - ڕەخنە, مەکتەبی بیر و هۆشیاری, سلێمانی.
- ناوخۆش, سەلام (2006), ئایین و ناسیۆنالیزم, چاپی یەکەم, نووسینگەی تەفسیر, هەولێر.

- ناوخۆش, سەلام (2016), ناسیۆنالیزمی کوردی و زمانی کوردی, چاپی یەکەم, نووسینگەی تەفسیر, هەولێر.

- وەلی, عەباس (1995), پەیدابوون و بناخەی ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێران, و: حەسەنی قازی, بنکەی چاپەنی ڕۆژ, سوید.

**نامەی ئەکادیمی:**

- عەبدوڵڵا, فەهمی شوکری (2009), نەتەوە و دەوڵەت و ئایین لە هزری ئەحمەدی خانی(1707ـ1650) دا, تێزی دکتۆرا, زانکۆی سەلاحەدین, هەولێر.

- سەعید, ئیسماعیل عەبدولڕەحمان (2009), ناسیۆنالیزمی ئێرانی, نامەی ماستەر, زانکۆی سەلاحەدین, هەولێر.

**گۆڤار:**

- قانیع, مەریوان وریا (2004), نەتەوە و ناسیۆنالیزم, گۆڤاری ڕەهەند, ژ: 16 ـ 17.

- غەلیون, بورهان (2003), سەرهەڵدانی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی و پێشکەوتنی لە چەمکێکی ئەبستراکتەوە بۆ سیستمێکی کۆمەڵایەتی و نێودەوڵەتی, و: سۆزان جەمال, گۆڤاری مەدەنیەت, ژ: 15, سلێمانی.

**بە زمانی فارسی**

**گۆڤار:**

- میرزایی, سید ات الله (1936), ناسیونالیسم و قومیت در ایران, مجله جامحه شناسی ایران, دوره (18), شماره (1).

**بەزمانی ئینگلیزی**

**لاپەڕەی ئەلیکترۆنی**

Huzen, Kent Bob (2006), Type of Nationalism, University of Canterbury, https://www.researchgate.net/institution/University-of-Canterbury

**ملخص:**

في هذه الدراسة، تم تحديد القومية المدنية باعتبارها سمة بارزة في شعر جلال ملكشا. فالوطنية المدنية هي أحد أنواع القومية التي تقوم على المواطنة والتعايش والمصالح المشتركة والإرادة الإنسانية أينما أراد المرء أن يعيش. تكون داخل بلد معين. تتجلى المشاعر والمواقف المدنية للشاعر مع القيم الوطنية في قصائده ، ورغم أن أمته عانت مرات عديدة على يد أمم أخرى وبفضلها، إلا أن الشاعر يظهر في مواضع كثيرة في كتابه وهو يصنعه شعريًا. إنه روعة لعقله ويظهر لنا مثالًا جميلًا للإنسانية.

القومية المدنية هي الأقل ذكرًا ونادرًا ما تظهر في الأدب الكردي، وما هو موجود أكثر من القومية العرقية، ولكن يمكننا القول أن ملكشا شخصية بارزة في هذا. وقد يُعرف بالشاعر القومي أو العرقي، ولم ينس ملكشا الحضارة في قصائده. لذلك، بناءً على النظرية الفرنسية: "المصالح والإرادة

المشتركة" يتم تحليل قصائد الشاعر، والهدف هو إظهار المشاعر القومية للشاعر، وما إذا كانت مشاعر الشاعر بالقومية المدنية واضحة في قصائده، فهو شاعر عرقي معروف.